# فیمینیسمی کوردی،
# درۆیەکی زەق ـ پیلانێکی نوێ



سنە/ جەهانگیر غەفاری«ئاگرین»
E-mail: Jahangir _ ghafari@ yahoo.com

تەوەری باس: کوردستانی ڕۆژهەلات

**١** فیئۆدالیزم، دەسەلاتی رەشی کەلێسە و... هتد لە ڕۆژئاوادا، بوو بە هۆی سەر هەلدانی قۆناغێکی نوێ بە ناو رێنسانس (نۆژەنکردنەوە)، ئەم رەوتە لە ١٣٠٠ ز. ەوە دەستی پێکرد و سێ سەدەی خایاند. جیمز. کۆریك سەبارەت بە گرینگی رێنسانس دەبێژێ: «رێنسانس، بناغەگەلی ئابووری، سیاسی، هونەری و زانستی شارستانیەتەکانی ئەمرۆی ڕۆژئاوای دانا».
پاش رێنسانس، قۆناغێکی دیکە بە ناو سەردەمی ڕۆشنگەری (١٧٨٩ ـ ١٦٥٠ ز)دەستی پێکرد لەم قۆناغەدا، ئاورێکی جیددی لە مافی مرۆڤ، ئازادی تاکە کەسی و ... هتد درایەوە.
ڕۆشنگەری زەمینەی بۆ شۆڕشی مەزنی فەرەنسە خۆشکرد و ئاگری شۆڕشی لە ١٧٨٩دا داگیرساند، لە هەمانسالدا، «جاڕنامەی مافی مرۆڤ» لە فەرەنسە پەسەند دەکرێت. ڕۆشنگەری تیشکی خستە سەر نابەرابەرییەکانی کۆمەلگای ڕۆژئاوا و زەمینەی لە باری بۆ چالاکانی ئەو بوارە فەراهەم کرد. ئۆلیمپ دووگوژ، ژنە شۆڕشگێری فەرەنسەیی لە ١٧٩١دا ـ واتا جەنگەی شۆڕشی فەرەنسە ـ «بەیاننامەی مافی ژن بلاو دەکاتەوە، ئەم بلاوکراوەیەی ئولیمپ زیاتر لە ئاوڕ لە مافە مەدەنی / ئابووری/ کەلتوری و سیاسیەکانی ژن ئەداتەوەو لە هەمانکاتدا رەخنە لە دەسەلاتی پیاومیری «پیاوسالاری» دەگرێت.
ئۆلیمپ لە کاتێکدا ئەم بەیاننامەیە بلاو دەکاتەوە کە ڕۆژئاوا تەجرووبەی رێنسانس و ڕۆشنگەری تۆمار کردەوە.
لە ١٩٧٢دا، ماری ڤولستۆن کرافت کتێبی «مافی ژن» بلاو دەکاتەوە. بەرهەمی کرافت دوایی لەلایەن بیرمەندانەوە وەك مانیفیستی فیمینیسم ناسرا.

پاش بڵاو بوونەوەی بەرهەمەکانی ئۆلیمپ وکرافت لە ساڵی ١٩٠٣دا واتە زیاتر لە ١١٢ ساڵ یەکەمین دامەزراوەی سیاسی / کۆمەڵایەتی ژنان دێتە مەیدانەوە.
بە پێی بەڵگەکان فیمینیستەکان لە یەك خێوەتدا جێگیر نەبوون و دابەشبوون بە چەند لقەوە.

**پۆلینبەندی فیمینیسم:**

١- فیمینیسمی شەپۆل یەکەم (١٩٢٠ -١٨٣٠)

٢- فیمینیسمی شەپۆل دووەم (ئێستا - ١٩٦٠)

٣- فیمینیسمی شەپۆل سێهەم

شەپۆل یەکەمیەکان لە ژێر کاریگەری جان لاك - داپێداگری لە سەر یەکسانی ماف ژن و پیاو و لە هەموو بوارەکاندا دەکەن.
شەپۆل دوومیەکان زیاتر لە سیمۆن دیبڤار و جان ئیستوارت میل و... هتد ئیلهام وەردەگرن. ئەمان وەك لایەنگری ماف ژن زەمینەیان بۆ رادیکالیزەکردنی فیمینیسم خۆشکرد.
فیمینیسم لیبراڵ، فیمینیسم مارکسیست/ سۆسیالیست لە دەروونی شەپۆل یەکەم و دووەمەکانەوە سەری هەڵدا. شەپۆل سێهەمیەکان بوون بە رەخنەگری دوو شەپۆلی ناوبراو، لە ژێر کاریگەری دریدا و فوکۆ بەرەو بنەماشکێنی و پاش بنەماخوازی حەرەکەتیان کرد.
ئانارشی فیمینیسم و ئانارکۆفیمینیسم و ئێکۆفیمینیسم وەك بەرهەمی شەپۆل سێهەمیەکان دەرکەوت. ئەمان بەرەو لیزبین گەرایی واتە سێکی ژن و ژن، ئازادی جینسی/سێکسی و نەفرەت لە پیاو هەنگاویان هەڵگرت.

**هۆکارەکانی دەرکەوتن و گەشە سەندنی فیمینیسم لە رۆژئاوا:**

١- خاوەن پێناسە بوون.

٢- بڕینی پرۆسەیەکی مێژوویی.

٣- هەبوونی پێکهاتەهایەکی سیاسی/دەسەڵات.

٤- تەجروبەی رێنێسانس و رۆشنگەری.

٥- سەقامگیر بوونی دیمۆکراسیەت.

٦- جیایی ئایین و دەسەڵات.

٧- ... هتد.

کەوایە، فیمینیسم لە رۆژئاواتدا، خاوەن پرۆسەیەکی مێژوویی و جەوهەریەتێکی زانستیانەیە و بە شێوەیەك مێتۆدیك / سیستەماتیك ئیشی بۆ کراوە.

٢ماوەیکە لێرەو لەوێ چەند قەڵەمێك لە کوردستان بانگەشەی فیمینیسم دەکەن، بەر لەوەی پرسیارەکانم ئاراستەی ئەو خانمانە بکەم، حەز دەکەم ئاماژەیەك بە چالاکی خۆم لە بواری ژنی کورددا بکەم:

١- ژن، خولقێنەری زۆرلێکراوی کۆمەڵگا/ وتار

٢- ژن و بزوتنەوە/ وتار

٣- ژن و سەربەخۆیی کوردستان/ وتار- تەوەری باس: کوردستانی باشوور.

٤- ژن، تەواوکەری نەتەوەو نیشتمان/ وتار.

ئەم وتارانە لە ماڵپەر و گۆڤار و حەوتەنامە کوردییەکاندا بڵاوبۆتەوە.

A) «ئاوێستایەك بۆ نەسووتان»/ کتێبی شێعر/ سلێمانی ٢٠٠٤

B) «خاك و ئارتینا»/ کتێبی شێعر

ئەم کتێبانەش لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاو کراونەتەوە و ژن، قارەمان و... هەر دوویانە.

بێ شك ئەوەی حاشا لە کێشەی ژنی کورد بکات، حاشای لەکورد بوونی خۆی کردووە، ئەوەی حاشا لە چەوسانەوەی ژنی کورد بکات، بە شێوەیەك حاشای لە واقیع - یکی تاڵی نێو کۆمەڵگای کوردی کردووە.

هۆکار و سەرچاوەکانی چەوسانەوەی ژنی کورد:

١- کەلتووری غەیرە کوردی.

٢- یاسا.

٣- خودی ژن.

٤- پیاوی دیکتاتۆر.

٥- ...

وەکوو راستیەك، ژنی کورد چەوساوەیە، چونکە نەتەوەکەی چەوساوەیە. بەڵام مێژووی پڕکەندو لەند و هەورازو نشێوی خەباتی کوردی بە هەموو هەڵە فیکری / تاکتیکی / ستراتژیەکانیەوە، شایەتی بەشدار بوونی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی ژنی کوردە.

ئەگەر ئەنفال خۆڵقابێ. ئەگەر کیمیاباران ڕسکا بێ. ئەگەر کۆچڕەو بووبێ.ئەگەر رەشە کوژی بووبێ و ... هتد خۆ بە تەنیایی پیاوی کوردی نەگرتۆتەوە بەڵکە ژنی کوردیش ستەمی بینیوەو دەربەدەری چێشتووە و لە باری عاتیفیشەوە زۆرتر لە پیاوان رەنجیان دیتووە، کوڕیان شەهید بووە.برایان شەهید بووە. باوکیان شەهید بووە و ... هتد.

بێ شك لە شاییییەکانیشدا، پیاو بە تەنیا شایی گێرو سەما کەر نەبووە بەڵکە ژنیش سەمای کردووە و شایی گێراوە.

ـ رەشبەڵەك، هێمایکە بۆ پێگەی راستەقینەی ژن لە کۆمەڵگاکەماندا و »شاوویشکا« سەمبۆلێکە بۆ بەرز بوونی شوێنکاتی ژنی کورد لە کوردوستاندا.

**٣)** ئەگەر کۆماری کوردستان (مەهاباد ١٩٤٦ ز) وەك بەرهەمی بیری ناسیۆنالیستی کورد بزانین، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە چ ڕێز و حورمەتێکی بۆ ژنی کورد داناوە و یەکیەتی ژنان و قوتابخانەی کچان و ... هتد نموونەی ئەو ڕاستیەن.

چالاکی ژنە ڕۆشنبیر و نەتەوە پەروەرەکان لە سەردەمی کۆماردا لە کەس ناشاردرێتەوە. بۆ وێنە با چاوێك بە سەر وتەکانی خەدیجەی سەدیقی لە جەژنی سەربەخۆیی کوردستاندا لە ١٨ ژانڤیەی ١٩٤٦ زدا بگێڕین:

»خوشکە بەڕێزەکان! کاتی ئەوەیە دەست لە نێو دەستی براکانمان بنێین، چونکە نیشتمان چاوەروانی لە کیژەکانی هەیە تا بێنە مەیدانی پەروەردەو بارهێنان و چالاکیەوە«، کردەوە و هەڵوێستی پێشەوا قازی محەمەد ـ یش لە ئاستی ژناندا، لەکەس شاراوەنیە، کە ئەو سەرۆکە نەتەوەییە چۆن بۆ ژنی روانیووە و چەند حەزی لە هاتنە مەیدانی ئەوان بووە. دیکە سەرکردە و ڕێبەرەنەتەوەییەکانیش هەڵویستێکی دیمۆکراتی، نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەیان بەرانبەر بە ژن بووە و لایەنەکانیش بواریان بۆ خەبات و چالاکی ژنان خۆلقاندووە و قەت هەڵوێستێکی دژی ئینسانیان بەرانبەر بە ژن نەبووە. بێ گومان، ژن لە شێعری پیاوە شاعێرە ناسیۆنالیستەکانیشدا خاوەن پێگەیکی هێزمەندو کاریگەرە.

بۆ وێنە با پێکەوە بڕوانینە شێعری «ژن» لە عەبدوڵڵا پەشێو:

...

«چیت مەرام بێ، دەچێتە سەر:
تۆ دەتوانیت، بە نیگایەك،
سەوەزەڵانێك بە رووتەن کەی،
لە دەستت دێ، بە هێمایەك،
بەردەڵانێك بە چیمەن کەی،
...
لە بن کۆمەی خۆڵەمێشدا ـ
تۆ ژیلەمۆی گەشی خولیای،
لە گێژەنی تاریکیدا ـ
تۆ بریسکەی بەفری چیای.
لە بیابانا ـ هاژەی چەم و
لە نەهاتا ـ هەڵمی نان و
لە غوربەتا ـ داڵدە و پەنای:

کلیلداری بەهەشتی تۆ.

تۆ نەك نیوە: هەموو دنیای!»

چەند بەیت لە شێعری «یادگاری شیرن» ـ ی »شاعێری گەل« مامۆستا هێمن:

»چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێردەست کە کچ دابەستە بێ

بەس نەبێ ئەو کۆیلەتی و ئەو کچ لە ژوور دابەستنە

کۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست!

راپەڕە، هەستە لە خەو، ئاخر چ وەختی خەوتنە؟

دەرکە بشکێنە، پەچە بدرێنە، راکە مەدرەسە

چاری دەردی کوردەواری خوێندنە، هەرخوێندنە

دایکی زانایە، کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات

من گوتم تۆش تێبگە، ناگاتە دەریایە زنە«

هەروەها «شاعێری گەل» لە شێعری »گوڵی هیوا«دا دەبێژێ:

ئەختەر کچی کوردی چاومەست!

ئیلهام بەخشی شێعری پڕهەست!

ئەی پێشمەرگەی میللەت پەرەست

کە دیتمی تفەنگ بە دەست

زانیم گوڵی هیوا پشکووت

بەیانی ئازادی ئەنگووت«

هێمن مەهابادی هەروەها لە شێعری »پەری شێعر«یشدا دەڵێ:

«ئەی کچی جوان! کچی لەبار!

ئەی کچی زانا و خوێندەوار!

ئەی گۆڵاڵەی نواڵەی کوێستان!

مایەی شانازی کوردستان!

بەهاری خێر و بیر و هات

گزنگی بەیانی ئاوات!»

ئەم چەند بەڵگەیە، راشکاوانە دەیسەلمێنن، کەناسیۆنالیستانی کورد و ناسیۆنالیزمی کوردی چ ستەم و غەدرێکیان لە ژنی کورد نە کردووەو بەردەوام لە کێشەی ژن غافڵ نەبوون و ژنی کوردیان هانداوە تا چالاکانە بێنە مەیدان و سنوورەکان وێران بکەن و شەرم و شورەیی و بڤەو قەدەغە لە گۆر بنێن. ناسیۆنالیزمی کوردی ژنی گوردی دەوێ چونگە لە شوێنکات و دلۆڤانی و میرەبانی تێدەگات ژنی کوردی بە کەرامەت و ئەخلاقەوە دەوێت، چونکە پێوایە بێ

ئەخلاقی و گەندەڵی و شەهوەت پەرەستی دوورە لە فەرهەنگ و کەلتووری کوردی و سست بوونی بنەمای بنەماڵە و زەمینە بۆ گەندەڵیٚ و فەساد خۆشکردن تەنیا لە قازانج و بەرژەوەندی نەیارانی کورد و زڕە کوردەکاندایە.
بیٚ ئەخلاقیش وەك ئالوودە بوون بە مادە سڕکەرەکان ـ مواد مخدر ـ خەسارەتیٚکی زۆر گەورەیە بۆ کورد.

**پرسیارەکان:**

١ـ فیمینیسمی رۆژئاوا لە بەرانبەر دەسەلاٚت / پیٚکهاتەی سیاسی سەری هەڵدا، فیمینیسمی کوردی لە بەرانبەر کام دەسەلاٚتدا سەر هەڵئەدات؟

٢ـفیمینیسمی رۆژئاوا خاوەن پرۆسە و مانیفیٚستیٚکی تایبەتە، فیمینیسمی کوردی کام پرۆسەی تەیکردووە و کام مانیفیستی راگەیاندووە و پشت بە کام بەڵگە و ژیٚدەر دەبەستیٚ؟
لە وەلاٚمدا بە سانایی دەتوانین بڵیٚین، کورد خاوەن دەسەلاٚت نیە و ژنی کوردیش خاوەن پرۆسە و دەقیٚك ـ ی فیمینیستانە نیە تا هانا وەبەر دیسکۆرسی فیمینیستی ببات و ... هتد.
ئەگەر ژنە فیمینیستە کوردەکان کەڵکەڵەی نەتەوەییان هەیە، بیٚگومان خەبات و چالاکی ئەوان لیٚوریٚژی قازانجە بۆ نەتەوەکەمان، بەلاٚم ئەگەر تامەزرۆی ئازادی سیٚسکی ـ ن چاکتر وایە وەك دەمڕاستیٚکی «حیٚزبی کۆمۆنیستی مەنسوور حیکمەتی» تیۆرمەندی عیشقی ئازاد، دەرکەون تاکوو ناسیۆنالیستەکان و کۆمەڵگای کوردی ـ راشکاوانەتر ـ وەلاٚمیان بدەنەوە و چیتر لە کورد و میٚژوو، کەلتوور و سەربەرزییەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجە ناحەزەکانیان هەزینە نەکەن.

**چەند سەرنج:**

١ــ دەستەواژەی فمینیسمی کوردی بە هۆی بیٚ پیٚناسەیی و ... هتد درۆیەکی زەق و خانوویەکی بیٚ بنیاتە.

٢ـ بە هۆی نەبوونی دەسەلاٚتی کوردی، دەرکەوتنی ئەم دەستەواژەیە / فیمینیسمی کوردی/ لە گەڵ بیٚ ناوەرۆك بوون و دوور لە هەر چەشنە تیۆریٚك و ... هتد گیٚرەشیٚوینی یە و بەس.

٣ـ ماوەیەك کاویٚژکەرانی پۆست مۆدیٚرنیزم، دەیانەویست ئەدەبی بەرەنگاوی و بەرخۆدان و سەرهەڵدانی کوردی بسڕنەوە و بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵیٚك تریبوونیان لە بەر دەستدا بوو، بە ئەنجام نەگەیشتنی ئەو پرۆژەیە، فیمینیسمی کوردی ئیٚستا هاتگەسە ئاراوە.

٤ـ بیٚ شك «فیمینیسمی کوردی» فیتنە و پیلانیٚکی نویٚی دژی نەتەوەیی‌یە و ئەوانەی لە ژیٚر ئەم دەمامکەوە چالاکی دەکەن ـ راستەوخۆ و ناراستەوخۆ خزمەت بە نەیارانی کورد دەکەن، جا ئەگەر ئەو خزمەتە وشیارانە بیٚت کارەساتەو ... پیٚشنیارم بۆ ئەو خانمانەی وا لە فمینیسم ـ ئازادی سیٚکسی یان دەویٚ:

١ـ ئەگەر مێردیان هەیە و تا ئێستا بە شێوەیەکی راشکاوانە و خەرمی بە عەرزیان نەگەیاندوون، پێیان بڵێن: «فیمینیستین و لایەنگری ئازادی سێکسی و ... جا ئەگەر ئەتوانی تۆش لەو ئازادییە بەهرەمەند بیت! ! فەرموو ... ئەگەر نە... تەلاقت ئەدەین ... ماڵئاوا».
٢ـ ئەگەر تا ئێستا کوڕە کوردیان غەیرە کوردێکیان بەختەوەر نەکردوو! بە خوازبێنەکانیان بڵێن: «ئێمە لایەنگری ئازادی سێکسین ئەگەر ئازادیخوازی و رێز بو مافی ژن دائەنێی لە خزمەت داین و ئەگەر نە ... ئیتر لەم دەڤەرە نەتبینینەوە ...»
بێگومان جێی بە جێی بوونی ئەم پێشنیارە، ساپۆرتی ئازادی تاکە کەسی فیمینیستە تۆخ ـ ەکان دەکات.

## ٣ کوشتن بە ناوی شەرەف ـ ەوە

ئێستا واپیشان ئەدرێ کەناسیۆنالیزمی کوردی لایەنگری لە «قەتڵی ناموسی» دەکات، با وەکو ناسیۆنالیستێك وڵامی ئەو تۆمەتە بدەمەوە:
کوشتن بە تاوانی بێ شەرەفی یان ـ خیانەتی هاوژین ـ جینایەتە، جا ئەگەر موسڵمانێك ـ ی کورد، مارکسیستێکی کورد، یان ناسیۆنالیستێکی کورد ئەنجامی بدات.
پێموایە لە ئەو هادۆخێکدا ـ خیانەتی هاوژین ـ باشترین رێگا لێکۆڵینەوە سەبارەت بە رووداوەکەیە:
١ـ ئایا بە هۆی دابین نەکردنی نیازە عاتیفی / جنسیەکانەوە، هاوژین خیانەتی کردەوە؟
٢ـ ئایا بە هۆی هەژاری و دەستەنگی تووشی بێ ئەخلاقی بووە؟
٣ـ ئایا وڵامی بێ ئەخلاقی مێردەکەی داوەتەوە؟
و ...
پاشان ئەگەر خودی پیاو زەمینەی بێ ئەخلاقیەکەی ساز کردبێ، دەبێ دان بە هەڵەکەیدا بنێ و سەر لە نوێ پەیمان لە گەڵ هاوژینەکەی ببەستێ، ئەگەریش پیاو رازی نەبوو، یان هۆی خیانەتەکە شتێکی دیکە بوو، جیایی باشترین رێگایە.
بێ شك ئەوانەی شەرەفی نەتەوە / خێڵ / خود ... هتد لە ژێر ناوکی ژندا دەبینن، زۆر ساوا و بیر کورتن. ئێمە لە جیهانێك دەژین،کە پیاوان بە سانایی وڵات دەفرۆشن، نەتەوە دەفرۆشن، کە چی کەس بە بێ شەرەفیان نازانێ و حوکمی مەرگیان دەرناکات، جا ئەگەر هات و ژنێك تووشی بێ ئەخلاقی بوو، کەی رەوایە بە ناوی شەرەفەوە «قەتڵی ناموسی» تۆمار بکرێت.